

# مەحمود دەروێش لە بەیروت

**ناظم السی**
**و: شێرزاد هەینی**

## من شوێنەکانم دەگۆڕم، بەڵام هەڵوێستم ناگۆڕم

لەبیرەوەرییەکانی مەحمود دەروێش و لەکاروانی درێژی شیعرییەکەیدا دیارە کەوا ئەو لە وڵاتێکدا ژیاوە، کە بەدیلی وڵاتەکەی خۆی بووە، ئەو بەو جۆرە لە لوبنان ژیاوە، کە لەوێش دەرچووە کەوتووەتە ناو تاراوگەو غەریبیی راستی، کە لەوێ دەرکەوتەوە، بۆ جاری دووەم لەزێدی خۆی داماڵاوە، وەک چۆن جاری یەکەم لە وڵاتەکەی خۆی دایانماڵاندووە. پەیوەندیی ئەو بە لوبنان لەنێوان خۆشویستن و خۆشنەویستن بووە، نێوان مانەوەو ناچارکردن بووە بۆ دەرچوون، بەڵام ئەو شارە زۆر گرێ و دوعای گەورەی بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتنی ئەو کردۆتەوە. ئەو جیاوازی لەنێوان لوبنان و بەیروت دەبینی، ئەو وایدەزانی لوبنان بۆ لوبنانییەکان وڵات و قەوارەیەکە، بەڵام بەیروتی بەپایتەختی هەموو عەرەب زانیوە، ئەو وایدەزانی ئەو شارە پایتەختی کەسە راونراوەکانە، ئەوانەی بەناچاری شارو زێدی خۆیان جێهێشتووە، ئەو لەو شوێنە کارەکانی ئاوێتەی سیحرو ئەفسانەکردووە، بەیروت باوەشی بۆ لایەنە فەڵەستینییەکان کردۆتەوە، لەوێ دەوڵەتێکی کاتییان بۆ خۆیان تێدا دامەزراندبوو، لەوێ بە سەختی شەڕی یەکتریان کردووە، لەوێ یەکتریان بە دژواری کوشتووە، لەگەڵ دوژمنە هەمیشەییەکانیان شەڕیانکردووە. لەگەڵ دوژمنە نوێیەکانیان شەڕیانکردووە، لەوێ موزایدەی فەڵەستینییان لەسەر دەفرۆشتن، لەوێش لەخۆیان باشتر بۆ فەڵەستین کاریان کردووە. بەیروت بۆ ئەو شاعیرە فەڵەستینێکی تربوو، سونبل بوو، ئەڤینێکی تر بوو کە ئەڤینی ژن و ئەڤینی خاک باشی نەجووڵاند، لەوێش دەمەتەقێی لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ شیعرەکانی خۆی پەیداکرد.

مەحمود دەروێش لە ژیانیدا بەناچاری و بە ویستی خۆی و بە ئەڤینەوە، سێجار هاتووەتە لوبنان، لەگەڵ

ماڵەوەیان لە گوندەکەی خۆیان (البروة) لە ناوچەی (الجلیل) پاش نسکۆکەی ساڵی ١٩٤٨، ئەودەمانە تەمەنی دەرویش تەنها ٦ ساڵ بووە، هەموویان تا نزیک شاری (بنت جبیل) بە پێیان دەرچوون، شەوی یەکەمی لەتەنیشت گۆمە ئاوێک لەناو گاو بەرازان خەوی لێکەوتووە. لەوێوە بەرەو (جزین) ڕۆیشتوون، کە دەکەوێتە باکووری (صیدا)، بۆ یەکەم جار لەوێ بەفری بینیووە، بۆ یەکەم جاریش تاڤگەی ئاوی بینیووە، سێوی بەدارەوە بینیووە، زووتر ئەو وایزانیوە سێو لەناو سەندووقەکانەوە دەڕوێن و سووردەبن، وەک چۆن لە کتێبەکەی بەناوی (ذاکرة للنسیان) کە لە پاریس لە ساڵی ١٩٨٥ بە ٩٠ ڕۆژ نووسیویەتی، لەوێ باس لە بەیروت و ژانی گەمارۆدرانی ئیسرائیلی ساڵی ١٩٨٢ دەگێڕێتەوە. ڕۆماننووسی لوبنانی (الیاس خوري) دەگێڕێتەوە کەوا ئەو لەگەڵ مەحمود دەرویش و باسکال فغالی و ماهر جرار بەیەکەوە سەردانی (جزین)مان کرد، لەوێ دەرویش بیرەوەریی منداڵیی دەگێڕایەوە، باسی ئەو شارەی بۆ کردین کە لەتەمەنی حەوت ساڵییدا لەوێ ژیاوە. بەیەکەوە لەشارەکە لە کۆنە خانووەکەیان گەڕاین، بەڵام ئەو خانووەکەی نەدۆزییەوە، لەودەمانەدا رووم لێوەرگێڕاو پێموت، بەسە دە واز لە بیرەوەرییەکانت بێنە، خواردنی کووبەیەکی نەرم لەوانە باشترە، بەیەکەوە چووینە ڕێستۆرانتێک کە دەیڕوانییە دۆڵێکی هەزار بەهەزار، لەوێ کووبەکەمان خواردو عەرەقە خۆماڵییەکەمان نۆشکرد، زۆری باسی ئەو کووبە خۆشانەی بۆ گێڕاینەوە کە (حوریة)ی دایکی بۆی کردووە. خێزانی دەرویش زۆر لە جزین نەماونەتەوەو ماڵەکەیان گواستووەتەوە (دامور)ی نێوان بەیروت و صیدا، دیارە کەوا منداڵەکە گەورەبووەو لە دامور تەنها دەریاو باخچەکانی مۆزی لەبیرمابوو.

سەفەری دووەمی مەحمود دەرویش بۆ لوبنان لە سەردەمێکی ترە، ئەمجارە لەهوتێلێکی شەقامی (حمرا) دابەزیوەو جلەکانی لەناو دۆلابێک داناوەو خێرا خۆی گەیاندووەتە شەقامەکە، لەوێ تاکسییەکی ڕاگرتووەو بە شوفێرەکەی وتووە:

برای شوفێر بمگەێنە دامور. کوڕە تەمەن شەش ساڵییەکەش بۆ یەکەمجار هەر لە بەیروت لە (ساحة البرج) سواری ترام بووە، بەڵام لەو سەفەرەدا شوێنی خۆی نەدۆزیوەتەوەو گووم بووە، بۆیە لەناو ترامەکە دانەبەزیوە تا گەڕاوەتەوە شوێنەکەی خۆی، لەوێ باپیری دەدۆزێتەوەو بەگەرمی لەئامێزی دەگرێت، ئەو گەشتە کورتەی ئەو مەشق و ڕاهێنان بووە بۆ وێلبوون و بزربوون. پاش مانەوەی یەک ساڵ ئەو منداڵە بەدزی گەڕاوەتەوە فەڵەستین، مامێکی دەستی دەگرێت، لەوێ پیاوێک بەشەو دەیانباتەوە، بە سەر هەورازو نشێوەکانیان دەیانباتەوە، دەڕۆن ڕێگای دەیان کیلۆمەتر دەبڕن، بە دۆڵاندا دەڕۆن، بە هەورازان سەردەکەون، بۆ بەیانی دەگەنە کۆنە هەوار، بەڵام ڕوویان بە دیوارێکی پۆڵاین دەچەقێت، دەبینن گوندەکەیان خاپووربووە، نائومێددەبن. لەو ڕۆژەوە منداڵەکە ڕاستییەکە تێدەگات کەوا لە شوێنی گوندەکەی ئەوان ئاواییەکی جوولەکە بنیاتنراوەو ناوەکەشیان گۆڕیوە بە (ئیحهود)و ناوی کیبوسیش گۆڕاوە بە (یسعور)، بۆیە ئەوان لە شارۆچکەی دیر الاسد (باکووری شارۆچکەی مجد کروم لە الجلیل) بە شاراوەیی دەژین، لەوێ قۆناغی سەرەتایی تەواودەکات، بۆ خوێندنی ناوەندییش دەچێتە گوندی (کفر یاسیف) پاشان ماڵەوەیان لەو گوندە بە یەکجاری نیشتەجێ دەبن، لەوێ دەرویش لەناو فەڵەستین وەک پەناهەندەیەک دەژی، ساڵی ١٩٦١ دەبێتە ئەندام لە حزبی شیوعیی ئیسرائیلی (راکاح)، ئەو حزبە پاش دەرچوونی ئەندامە عەرەبەکان نزیکەی ٢٠٠ ئەندامی جوولەکەش لە حزبە شیوعییە کۆنەکە دامەزرابوو. کە ڕێکخراوی ڕزگاریی فەڵەستینی لە ساڵی ١٩٦٤دا دادەمەزرێت ناکۆکی دەکەوێتە ناو ڕیزەکانی حزبی شیوعیی ئیسرائیلییەوە، بۆیە دەرویش لەوێ لە ڕۆژنامەکانی (الاتحاد)و گۆڤاری (الغد)و (الجدید)، لەنێوان ساڵانی ١٩٦٥و ١٩٦٦و ١٩٦٧ڕوو لە کاری ڕاگەیاندن و نووسین دەکات. لەبەرئەوەی بەبێ مۆڵەت لەوڵات دووردەکەوێتەوە، سێجار مەحمود دەرویش گیراوە. ئەو لەساڵی ١٩٧٠ بۆ خوێندنی ئابووریی سیاسی دەچێتە مۆسکۆ، ئەوەی شیوعییەکان لەبن گوێیان

خوێندبوو، ئەوەی لە کتێبەکان خوێندبوویەوە، دەرچوو ئەو وڵاتە ئەو بەهەشتە نییە وەک باسیان کردووە، بۆیە پاش ساڵێک روو لەقاهیرە دەکات، لەوێ لە ساڵی ١٩٧١دا لەرۆژنامەی (الاهرام) وەک رۆژنامەنووس کاریکردووە. پێش ئەوەی بێتە قاهیرە دەروێش وەک شاعیرێک ناسرابوو، زووتر رەخنەگریی فەڵەستینیی (محمد خالد البطراوي) لە گۆڤارو بڵاوکراوەکانی حزبی شیوعیی ئیسرائیلی چەندین پارچە شیعری (توفیق زیادو مەحمود دەروێش و سمیح القاسم)ی لەدیوانێک کۆکردبۆوەو شاعیری فەڵەستینیی (غسان الكنفاني) ناوی شیعری بەرگری فەڵەستینی لەو شیعرانە ناوبوو، لەو رۆژەوە نازناوی شیعری مقاومەی پێوەلکاوە. رەخنەگری میسریش (رجاء النقاش) لەساڵی ١٩٦٩دا کتێبێکی بەناوی مەحمود دەروێش شاعیری خاکی داگیرکراو بڵاوکردەوە، ژنە رەخنەگر (فريدة النقاش) بە نووسینی وتارێک رەخنەی لە مەحمود دەروێش گرتبوو، کەوا بۆچی لە وڵات دەرچووەو رایکردووە، بۆیە دەروێش تووڕەدەبێت و قاهیرەی جێهێشتووە، رەنگە دەرچوونەکەشی لە قاهیرە لەبەر ئەوە بوو کە رێکخراوە فەڵەستینییەکانی ناو بەیروت داوایانکردووە. ئەودەمانە لەناو عەرەبەکان بالۆرەیەکی وا هەبوو کەوا عەرەبەکانی ناو سنووری ساڵی ١٩٤٨ لەجیاتی ئەوەی بە شۆڕشگێڕو خۆڕاگر ناویان بهێنن، بەخائین باسیان دەکردن، چونکە لەپەنای داگیرکەران ماونەتەوەو لە وڵات وەک نارەزاییەک و بۆ مقاومەت دەرنەچوون، ئەوەی لە وڵات دەرچووە وڵاتپارێزەو ئەوەی ماوەتەوە لەسەر خاکەکەی وڵاتفرۆش بووە، بۆیەش ئەو لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونە بەخۆداچوونەوەیەکی کردبوو، مەحمود دەروێش و سمیح قاسمی هاوڕێیشی، بەوەش تاوانبارکرابوو کە لە بولگاریاو لە کۆنگرەی گەنجانی جیهانی لە سۆفیا لەبن ئاڵای ئیسرائیلدا رۆیشتبوون، ئەندامبوونیشی لە حزبی شیوعیی ئیسرائیل پەسندنەبوو، چونکە دەبینرا حزبەکە کاری بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتی ئیسرائیل کردووە، بۆیە ساڵی ١٩٧٣ دەبێتە ئەندام رێکخراوی رزگاریی فەڵەستینی.

ساڵی١٩٧٢ (آنيس صائغ) وەک بەڕێوەبەری گشتیی مەڵبەندی توێژینەوەکانی فەڵەستینی بۆ بەشداربوونی لە کۆنگرەیەک لە قاهیرەبوو، لەوێ داوای لە هاوڕێیەکی کۆنی خۆی کردبوو دیمانەیەکی لەگەڵ مەحمود دەروێش بۆ سازبکات، ئەو بەنیازە دەروێش رازی بکات بێتە بەیروت و لە گۆڤاری (شؤون فلسطينية) کاربکات، کە لە ساڵی ١٩٧١ەوە ئەو گۆڤارە لە بەیروت مانگانە وەک گۆڤارێکی تایبەتە بە مەسەلە فەڵەستینییەکان دەردەچوو، ئەودەمانەش مووچەکان کەم بوون، بەڕێوەبەرەکە زۆریش دڵنیانەبوو بتوانێ دەروێش رازی بکات، لە ماڵەکەی سەردانی کردبوو، لە دەرگای ماڵەکەی دەروێشی بینیبوو کە هونەرمەند (وردة الجزائرية)ی بەڕێدەکرد. لەو دیمانە کورتەدا دەروێش یەکسەر رازی بوو بێتە بەیروت، زۆریش باسی وردەکاریی شوێن و کارو بەرنامەشی نەکردبوو، یەکەم پۆستی لە بەیروت بەناوی راوێژکاری گۆڤارەکە پێدراوەو ساڵی ١٩٧٤ کراوە بە جێگری بەڕێوەبەری گشتیی مەڵبەندەکە. لە بەیروت دەروێش تا لە شوقەکەی خۆی جێگیربووە چەندین شوقەی گۆڕیوە. یەکەمجار لە شوقەیەک ژیاوە لە شەقامی (حمرا) لە باڵەخانەی ستراند، کە جاران قاوەخانەکەی (ستراند)یش لەوێ نزیک بووە، لەوێیەوە گواستوویەتیەوە باڵەخانەیەکی تر لە دبوس کە ١١ نهۆم بوو، نزیک ئامۆژگەی بریتانیی پێشوو، واتە لە کۆڵانێکی شەقامی حمرا، کە دەکاتە شەقامی جاندراک. بەڵام دەروێش لەرۆژانی شەڕەکاندا لەهوتێلی (وايت پالاس) ژیاوە، کە لەتەنیشت شوقەکەی (آنيس صائغ) بووە، هەر لەو هوتێلەشدا سەرۆکی پێشووتری ئەنجومەنی نیابی (كامل الاسعد) لەساڵی ١٩٨١ پێش هەڵبژاردنی (بشير الجميل) بە سەرۆکی کۆمار ژیاوە. ظائغ دەڵێ بۆیەش ئەو شوێنەی لا باشبووە، چونکە من لەوێ پاسەوانیشم هەبووە. ئەویش بەو شێوەیە پێناسەی شوقەکەی لە باڵەخانەی دبوس کردووە، شوقەکە گچکەبوو، ژوورێکی نووستن و ساڵۆنێک و شوێنی خوانێکیشی هەبوو، بەڵام سادەو رێکوپێک بوو، مەحمودیش وابوو کەسێکی رێکوپێک بوو وەک شیعرەکانی کەسێکی بوهیمی نەبوو، لە شوقەکەیدا رەنگەکانی

جوان گونجاندبوو. ئەو حەزی بە رەنگی شین دەکرد، حەزی بەدەریاو ئاسمانیش دەکرد، ئەوانەی پەیوەندییان بە بێگەردییەوە هەبوو ئەو حەزی لێکردووە. جارێکیان لەتونس دەروێش زۆر بە بەدلە شینەکەی، جوان کەوتووەتە بەرچاوان، بۆیە پرسیم ئەو بەدلەیەت لەکێ کڕیوە؟ تا منیش لە شێوەکەی ئەو نەکڕم، ئەوەشی وەک هەموو جارانەکانی تری بە خۆشییەوە دەربڕی، شوێنەکەی پێ نەوتم. ئەو بەردەوام بەشێوەو بەکاتەکانی دەوامکردنی زۆر رێک و بە بەرنامەبوو، هەمیشە نووسینگەکەی دەروێش پاکوخاوێن بوو. لەمەڵبەندەکە کە دەکەوتە شەقامی کۆلۆمبانی، کە لەکۆڵانێکی شەقامی الساداتی تەنیشت شەقامی حمراوە بۆی دەچوو، نووسینگەکەی ئەو لە نهۆمی پێنجەم و لەتەنیشت منەوە بوو، نێوانمان ژووری سکرتێرەکەمان بوو، ئێمە هەموو هەستمان دەکرد ئەو حەزی نەدەکرد ئێمەش وەک ئەو جلوبەرگ لەبەربکەین، (فواز طرابلسی) لەگەڵ توێژەری فەڵەستینی (آلیاس صنبر) لە ئەشبیلیەبوون، بەیەکەوە بۆ کڕینی جلوبەرگ سەردانی بۆتیکێیان کردبوو، بەبێ ئەوەی ئاگایان لەیەکتری بێت، هەمان رەنگ و شێوەی ئەویان کڕیبوو، دەرکەوت دەروێش چاکێتە پێستەکەی وەک ئەوان دەبێت، بۆیە ئەو چاکێتەکەی خۆی کە تازەش کڕیبووی بەدیاری دەداتە هاوڕێیەکی خۆی، ئەو لە ئامادەکردنی خواردەمەنیش زۆر رێکوپێک بوو، لەپەنجەرەوە دەبینرا کە چەند بەزەوق و بەجوانییەوە لە مەتبەخەکەی دەسووڕایەوە.

(آلیاس خوري) دەڵێ ساڵی ١٩٧٢ کە لەمەڵبەندی توێژینەوەکانی فەڵەستینی بووم، من لەوێ ئەوم دەناسی، ئەو مانگانە وتارێکی بە ناوی ئیسرائیلیات دەنووسی، منیش وتارەکەم بەناوی (ثقافة)بوو، ئەو لەنهۆمی دووەم بوو، منیش لە نهۆمی شەشەم بووم، پاشان هاتە خوارەوە بۆ نهۆمی پێنجەم، دوایی بەیەکەوە چووینە نهۆمی شەشەم، کە ئەدۆنیس گۆڤاری (مواقف)ی دەرکردووە، هاتە ناو دەستەی نووسەران لەگەڵ (هشام شرابي و منى السعودي و خالدة سعيدو كمال بلاطة و كمال آبو ديب و سمير صايغ) دۆستانە کارمانکردووە، بەیەکەوە لەماڵەکەی ئەدۆنیس لە الآشرفية دادەنیشتین، لەو دەمانە بوو سێ ساڵ لەگەڵ کیژەبرای نەزار قەبانی ژن و مێرد دەژیان، بەڵام دوایی بەیەکەوە گۆڤارە فەڵەستینییەکەو مەڵبەندەکەمان گرتە ئەستۆ، ئەو کرا بە بەڕێوەبەری گشتییەکەی و منیش بوومە سکرتێری نووسەرانی.

چۆن مەحمود دەروێش کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی مەڵبەندەکە؟ وەک چۆن بەجێهێشتنی مەڵبەندەکە چیرۆکێکی هەیە، هاتن و دامەزراندنەکەشی چیرۆک و بەسەرهاتێکی هەیە. بەڕێوەبەری پێشووی مەڵبەندەکە آنیس صائغ لەگەڵ عەرەفات هەر لەساڵی ١٩٦٩ەوە کێشەیان هەبوو، کە ئیسرائیلییەکان لەساڵی ١٩٧٢ کۆششیان کرد بیکوژن، کرا بە سەرۆکی دەراساتی عەرەبی لە کۆمکاری ولآتانی عەرەبی، نەدەچوو نەوەک پاشان پێی بڵێن لە ترسانا هەڵات و بەیروتی جێهێشت و بەرەو قاهیرە رۆیشت، بۆیەش بە یاسر عەرەفاتی وتبوو، دەبێ تۆ تەحەملی من بکەیت، منیش تەحەملی تۆ بکەم. بەڵام ناکۆکییەکان لە ساڵی ١٩٧٦دا تەقیەوەو آنیس ئیستقالەی لەو مەڵبەندە فەڵەستینییە دابوو، کە راستەوخۆ سەر بە رێکخراوی رزگاریی فەڵەستینی بوو. تا یەک ساڵ کەسیان لە شوێنەکەی ئەو دانەنابوو، پاشان دەروێش کرابوو بە بەڕێوەبەری گشتییەکەی، دەروێش یاسر عەرەفاتی ئیقناعکردبوو (صبرى جريس) لە شوێنەکەی ئەو دابنێت، ئەویش تەنها سەرنووسەری گۆڤارەکە بێت و بەس. نووسەری فەڵەستینی (صقر آبو فخر) دەڵێ، گۆڤارەکە جاران تایبەت بوو بە بابەتی سیاسی و لێکۆڵینەوە، بەڵام مەحمود دەروێش نەفەسێکی ئەدەبیی دایە گۆڤارەکە، لەسەردەستی ئەو بابەتەکان و گۆڤارەکە ئەگەر جاران شێوەیەکی داخراو و گرژی هەبوو، گۆڕاو زۆرتر رووی خۆشتربوو. (آبو فخر) دەگێڕێتەوە چۆن ئەو دەروێشی ناسیووە، ئەو دەڵێ کە من گەیشتمە لوبنان، شەوێکیان بەپیادە لەگەڵ دوو برادەر لە (الروشة) دەچووینەوە الحمرا، لە شەقامی (کراکاس) بوو، هەستمان راگرت خشپەی پێی یەکێک لە پشتمانەوە دێت، کە کابرا لێمان نزیک کەوتەوە، بینیمان مەحمود دەروێشە،

بۆیە ئێمە لەلا ڕێیەکە وەستاین تا ئەو گەیشتە لامان، منیش سڵاوم لەو کردو ئەویش بەنەرمییەوە وتی، سڵاو لە تۆش، منیش خۆم پێناساند، من ئەودەمانە خوێندکاری زانکۆ بووم، چەند هەنگاوێک بەیەکەوە ڕۆیشتین، کە ئەو ویستی لە ئێمە جیابێتەوە، مەحمود دەروێش وتی:

دەزانی تۆ منت ترساند، براکەم دەزانم کاتەکە شەوەو ئێوەش ڕۆیشتنەکەتان سەبرکردو لەلاڕێیەک وەستان و چاوەڕوانت کرد، بۆ پشتەوەش ئاوڕتان دەدایەوە.

ئەو وایدەزانی ئێمە مەبەستمان کوشتنیەتی، یان بەنیازین بیفڕێنین، ئەو نەگەڕایەوە دواوە، بەترسەوەو دڵنیاش نەبوو بەرەو روومان هاتە پێشەوە، چونکە هەر ئەو ساڵە ئیسرائیل ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بەرەی میللیی رزگاریی فەڵەستینی رۆماننووس (غسان كنفاني) کوشتبوو، هەوڵی کوشتنی (آنیس صائغ)یشی بەنامەی بەمین چینراویش دابوو، ئەو و (بسام آبو شریف)یش. ئەگەر ئەو جارەش بەڕاستی ترسی نەگەیشتبێ ئەوا ئەو دووجار بەڕاستی ترسێندراوە، جاری یەکەم لە ساڵی١٩٧١دا بەچەند پەنجە دینامێتێکو جارێکیش کە ویستیان آنیس صائغ بکوژن، لە ١٢ / ١٢ / ١٩٧٤دا ئۆتومبێلێک سێ مووشەکی لێبەسترابوو بەڕووی مەڵبەندەکە تەقێندرایەوە، یەکێکیان بە شوقەیەک کەوتبوو، دووەمیشیان بە کتێبخانەکەیان و سێیەمیشیان نووسینگەی الصائغی گرتووەتەوە، لەوێ ئەو زۆر بەسەیری نەجاتی ببوو، مەحمود دەروێش بەیانی لە کاتژمێری نۆێ بەیانیەوە لەوێ دەبوو، ئەویش رزگاری بووە.

دەروێش تاساڵی ١٩٧٩ لەدەزگا رۆشنبیرییە فەڵەستینییەکان لە لوبنان کاریکردووە، کارمەندانی بوارە رۆشنبیرییەکان لە یەکێتی گشتی نووسەران و رۆژنامەنووسانی فەڵەستینی سکاڵانامەیەکیان دژ بە سەرۆکەکەیان صبری جريس ئیمزاکردبوو، ئەوەش یاسر عەرەفاتی تووڕەکردبوو، راوێژکاری عەرەفات (فاروق القاضي ) دەستەیەک چەکداری هێزی١٧ی ناردبووە سەریان، رۆماننووس آلياس خوري لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرابوو، بۆیە دەروێش القاضي تێر جنێوکردبوو، عەرەفات بەرامبەر ئەوە بە سەرنووسەری هەفتەنامەی (فلسطين الثورة) آحمد عبدالرحمن نامەیەکی زارەکیی بۆ دەنێرێت، کە تێیدا داواکارە هەموویان گوێڕایەڵی داواو فەرمانەکانی القاضي بن، بەقسەی آلياس خوري بۆ دڵدانەوەی عەرەفات آبو جهادو آبو اياد دەچنە ناو کێشەکە، بۆیەش عەرەفات داوا لە خوري دەکات دەست لەکارنەکێشێتەوە، بەڵام دەروێش و خوري بەیەکەوە ئیستقالەیان دابوو. دەروێش بارگەی بەرەو پاریس پێچاوەتەوەو بەرەو تاراوگەیەکی تر سەریهەڵگرتووە، لەوێ هەفتانە لە گۆڤاری (الوطن العربي) وتاری نووسیوە، یەکەم چامەشی بەناوی (رحلة المتنبي الى مصر ــ گەشتی موتەنەبی بۆ میسر) بڵاوکردووەتەوە، خۆی وەک موتەنەبیی شاعیر دەناسێنێت و بەیروتیش بە میسر دادەنێت و عەرەفاتیش بە كافور الاخشيدي دەشوبهێنێت، (بە گۆرانی کۆشکەکە دەفرۆشم، هەر بە گۆرانیش کۆشکەکە دەڕوخێنم). آلياس خوريش سەفەری ئەمریکا دەکات، لەوێ لە زانکۆی کۆلۆمبیا دەخوێنێت، وەک سەرنووسەری بەشی کولتووری رۆژنامەی (السفير) لە بەیروت دەست بەکاردەبێتەوە.

## مەحمود دەروێش و عەرەفات

دۆستایەتی و پەیوەندییەکانی دەروێش و عەرەفات بەشێوەیەکی وا پتەو و سازبوو، بۆیە نەیارەکانی دەروێش ئەوەیان بە کەماسییەک بۆ کەسایەتییەکەی ئەو وەک شاعیرێک ئەژماردەکرد، پەیوەندیی ئەو دوو کەسە پەیوەندیی دوو سونبل بووە، کە لەناو فەڵەستینییەکان دوو رەمزی گەورەبوون، ئەگەر فەڵەستینییەکان لەسەر هیچ شتێک وا کۆک و گشتگیرنەبووبن، ئەوا لەسەر ئەو دوو رەمزە کۆک بوون، لەوەیان (جورج حبش)ی لێدەردەچێت، کە ماوەیەکی زۆر بەسەرکردەی بەرەیەک ئەکتیڤی بەرگری و سیاسەتی فەڵەستینی دەناسرا.

که دەروێش لەناوەندی حەفتاکان داوای لە نووسەر فواز طرابلسي کردبوو، بۆ گۆڤاری (الکرمل) بابەتیان بۆ بنووسێت، پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر خۆشدەبێت، چونکە پێشتر ئەو وەک نووسەرێکی سیاسی دەناسراو نووسینە ئەدەبیەکانی کرچ و کاڵییان پێوەبوو، لەودەمانەوە ئەو دوو کەسە بوونە هاورێ، ئەویش بەو شێوەیە باسی پەیوەندیی سەرۆک عەرەفات و مەحمود دەروێش دەکات:

پەیوەندییەکەیان پەیوەندییەکی کوڕو باوکانەبوو، بەڵام کوڕێکی زیرەک و یاخی.! ئەو پەیوەندەییەش بۆیە دەژیا، چونکە دەروێش ئیلتیزامی هوشیارانەی بە رێکخراوی رزگاریی فەڵەستینییەوە هەبوو، چونکە ئەوەیان دەرخستەی بزاڤی رزگاریی نیشتیمانی بووە، ئیلتزامکردنیش بەو رێکخراوە ئیلتزامکردن بووە بە بزاڤە نیشتیمانییەکە، ئەو پەیوەندیشی لەگەڵ هەموو رێکخراوە فەڵەستینییەکانی تریش هەبوو، لە جیابوونەوە فەڵەستینییەکەی ساڵی ١٩٨٤، ئەو لەگەڵ دەستەی ناڕەزایی نەبوو، ئەو لایەنگری دەوڵەتی فەڵەستینی بوو، ئەگەرچی پاش رێکەوتننامەی ئوسلۆ لە ساڵی ١٩٩٣دا لەبەر بوونی ناکۆکییەکی زۆر لەسەر رێکەوتنامەکە لەگەڵ عەرەفات ئیستقالەی دابوو، بەڵام پەیوەندیی بەو رێکخراوە هەرمابوو، لەو پەیوەندییەشدا ئەوەی تێدا هێشتووەتەوە، کە ئەو بڕوای بەشێوەو رەهەندەکانی رێکەوتننامەکە نەبوو، دیارە راگرتنی ئەو بەلانسە وەک رووناکبیرێکی فەڵەستینی و کەسایەتی و سەربەخۆیی خۆی ئاسان نەبوو، بۆیە بەردەوام لە رەوشێکی نالەباردا بوو، وادەزانم بەشداریی ئەو لەو رەوشەدا شیعرو گۆڤارەکەی (الکرمل)بوو، کە لە پاریسیش دەژیا، دیارە نێوانەکەی لەگەڵ رێکخراوی رزگاریی فەڵەستینی دووربووە. یاسر عەرەفات سەردانی دەروێشی لە ماڵەکەشی دەکرد، لە یەکەم ژنهێنانەکەشیدا بەشدارییکردووە، هەردووکیان برادەربوون، بەڵام کامیان سونبلی ژمارە یەکەمی فەڵەستینە، لەسەر ئەوەیان ناکۆکی و بۆچوونی جیاواز هەیە، دەروێش تەنها لە ئوسلۆ لەگەڵ عەرەفاتدا نەبوو، لە نووسینەوەی (بەڵگەنامە سەربەخۆیی) کە لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی فەڵەستینی بەکۆی دەنگ لە ١٩٨٨/١٢/١٥ دەنگیان لەسەردابوو، لە نووسینەوەکەیدا بەشداریی عەرەفاتی کردبوو، لە دووبەرەکییەکەی رێکخراوی (الفتح) لەساڵی ١٩٨٤دا ئەو لەگەڵ عەرەفاتدا ماوەتەوە، ئەوەی زۆر قسەی لەسەر نییە، فەڵەستینییەکان مەحمود دەروێشیان لە هەموو سەرکردە فەڵەستینییەکان خۆشەویستتر دەوێت.

(شفیق الحوت) لە بیرەوەرییەکانی کە بەناوی (لەنێوان نیشتیمان و تاراوگە)دا بڵاویکردۆتەوە لەوێ نووسیویەتی:

مەحمود دەروێش دەقێکی بۆ بەڵگەنامەکە نووسیبوو، ئەگەرچی دەقەکە زۆر بە زمانێکی بەرز نووسرابوو، بەڵام عەرەفات داڕشتنەکەی بەدڵ نەبوو، بۆیە قبووڵی نەبووە.

الحوت لەگەڵ دەروێش لە زۆر بۆنەدا بە سەردانی سیاسیی نێونەتەوەیی، نوێنەرایەتیی رێکخراوەکەیان کردووە، وەک کۆنگرەی نیشتەجێیی لە ڤانکۆڤەری کەندا لە ساڵی ١٩٧٦داو لە هەمان ساڵدا لە کۆنگرەی لوتکەیی وڵاتانی بێلایەن لە نیودەلهی.

بەڵگەنامەکە ئەوەی تێدایە کە دەوڵەتێکی فەڵەستینی دادەمەزرێندرێت و پایتەختەکەشی قودسی شەریفە، بەڵام چەند لە مافی فەڵەستینییەکان خۆش بووەو پشتگوێ خراون، لەوانە ئاماژە بە ئازادکردنی هەموو خاکی فەڵەستین نەکراوە، لە بەڵگەنامەکەشدا هێرش کراوەتە سەر رێکخراوە رادیکالییە فەڵەستینییەکان. آلیاس خوري ئەوەمان بەبیردەهێنێتەوە، کە دەروێش لەئاکامی کودەتاکەی حماس لە (غەزە) هەڵوێستی ناڕەزایی هەبوو، لەودەمانەوە هەندێ لەلایەنە ئیسلامییەکان بەتایبەتی (حماس) هەڵوێستیان بەرامبەری ئەو هەبووە. ئەو بەردەوام لە روانگەی فەڵەستینەوە سەیری سیاسەتی کردووە.

که دەروێش لەپرسەی ماتەمینیی راشد حسین لەساڵی ١٩٧٧دا لەجەزائیر لەکۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی

فەڵەستینییەکان شیعری خوێندۆتەوە (معین بسیسو) بەو شێوەیە باسی پەیوەندیی نیوان عەرەفات و دەروێشی کردووە، کە هەردووکیانی ناوناون، سەرکردەی گشتی و شاعیری گشتی، دەڵێ لەگەڵ پەیوەندییە ئاوێتەیەکە غیرەو پیسی و سەرسامبوون هەستپێدەکرا، لەپشت ئەوانەش گەمەو نازکێشانیش هەبوو. بەڵام هاوڕێی کاروانەکەی آلیاس صائغ بەو شێوەیە باسی پەیوەندییەکەیان دەکات:

پەیوەندیی مەحمود دەروێش و یاسر عەرەفات، وەک پەیوەندیی شفیق الحوت و عەرەفات وابوو، کە بریتی بوو لە پەیوەندییەکی خۆشەویستی و رەخنەگرتنی رووبەڕوو.

الحوت لەبیرەوەرییەکانیدا رەخنە لە عەرەفات دەگرێت و لەهەمان کاتیشدا دەردەکەوێت ئەو عەرفاتیشی خۆشویستووە. مەحمود دەروێش پێش ساڵی ١٩٨٠ بەرگریی لە عەرەفات نەکردووەو رەخنەشی لێ نەگرتووە، بەڵام هەمووەدەم عەرەفات دەروێشی زۆرتر خۆشویستووە، ئەو وەک کوڕێکی بەنازی خۆی سەیری مەحمود دەروێشی کردووە، بۆیەش ئەوەیان لەلایەن نەیارەکانی بووەتە توانج و رەخنە. ئەوەش لەپاش مردنی مەحمود بەباشی دەرکەوتووە، چونکە بەشێکیان لە یادەکەشیدا بەشدارنەبوون، ژمارەیەکیان هیچیان لەسەر نەنووسی، هەرگیز مەحمود کەسێکی عەرفاتی نەبووە، زۆریش کۆک نەبووە لەگەڵ سیاسەتەکەی، وەک ناکۆکییەکەیان لەسەر رێکەوتننامەکەی ئۆسلۆ. مەحمود وەک هەڵوێست لەگەڵ دانوستانەکەبوو لەگەڵ ئیسرائیلییەکان، بەڵام دژی ئەو جۆرە رێکەوتنەبوو کە لەئۆسلۆ کرا، ئەو وایدەزانی دانوستانەکە حەکیمانە نییە، دیارە کەوا رێککەوتننامەکە فاشیلە، چونکە زۆر لە مافە فەڵەستینییەکان دەستەبەرنەکراوە، بەبۆچوونی کەسێکی وەک صائغ، دەروێش کەسێکی (فتحاوی) نەبوو، بەڵام خەڵکەکە لەوە تێنەدەگەیشتن، بەمەزاجی خۆیان بڕیار لەسەر سەرکردەکان دەدەن، هەتا بیری لەهزری چەپ و راستی کەسیان نەدەکردەوە.! لەبەرئەوەی مەحمود دەروێش لە ئوردوگاکانی فەڵەستینییەکان نەژیابوو، سەردانیشی نەکردبوو، بۆیە صائغ لەسەر ئەو مەسەلەیەو لەسەر نازناوی شاعیری بەرگری هەڵوەستەیەکی هەبووە، چونکە ئەو وایدەزانی پەیوەندییەکان بە شوێنی جوگرافییەکەوە دەچەسپێت و چەند گرێدراوی ناو ئاوارەی خێوەتگەکان بیت، هەرچەند لەوان نزیک بوویێت، ئەوا لە شۆڕشەکەشیان نزیکیت، چونکە خەڵکی لەسەر ئەوەیان بڕیاردەدات، نەک لەسەر مەسەلەی تر، ئەوەشیان بابەتێکی جەوهەری بوو.

## هۆگربوونی بە الكرمل:

لەبەیروت دوو ئاسۆی ناکۆک بەرووی مەحمود دەروێشدا کرابوونەوە، دەستەیەک لە ناحەزو دژایەتییەکی بەردەوام و زەمینەیەکی بەپیت بۆ ئەفراندنی شیعرەکانی لەڕووی ستاتیکای جوانی و رووە سیاسییەکەی. لەسەر ئاستە سیاسییەکەی دیارە کەوا بەیروت لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو بنکەو پێگەیەکی کراوەبوو بۆ شۆڕشی فەڵەستین، کە لەپاش رێککەوتنەکەی قاهیرە لەساڵی ١٩٦٩دا لە ئوردنەوە گوازراوەتەوە لوبنان، چەپرەوەکانیش لەناو شۆڕشەکە دەنگیان بەرزبوو، داوای رزگاریی سیاسی و کۆمەڵایەتییان دەکرد، لەولاشەوە بەیروت شاری سیاسەتمەداران و هزری راستڕەوەکانیش بوو، شاری گەشەبوون و کراوەش بوو بەڕووی خۆرئاوادا، ئەو شارە کلاوڕۆژنەی رووناکیی ئەدەبی و هونەریی دوور لەهەموو ئیلتزامێکیش بوو. م. دەروێش ناکۆکیی راستەقینەی لەگەڵ لوبنانییەکان نەبوو، ئەگەرچی شارەکە هەواری چەندین ناکۆکی و بەربەرەکانێش بوو، هەموو بۆچوون و رەهەندە سیاسی و فیکرەکان لەو دەمانەو لەو شارەدا بەزەقی بوونی هەبوو، ئەو لەگەڵ فەڵەستینییەکان ناکۆکی هەبوو، لەگۆڤاری (اليوم السابع)دا دەروێش لەگەڵ شاعیری هاوولاتی خۆی (سميح القاسم) بەنامە زۆریان بەیەکتری کردبوو. لوبنانییە شۆڤینییەکانیش دژایەتییان دەکرد، حەزیان لێ نەدەکرد، هەندێ لایەنی فەڵەستینییش دژایەتییان کردووە، بەتایبەتی لەو

دواییانەدا حەماس ئەوەیان پێوەدیاربوو. ئەگەر مەحمود لە بۆنەکانی حەماسدا نامەشی بۆ ناردووبن، ئەوان بەساردی نامەکانیان وەرگرتووە، سەرەتا لەگەڵ شاعیر (معین بسیسو)و (سمیح القاسم) نێوانیان ناخۆش بوو، بەڵام پاشان کەسانی تریش هاتوونەتە ناو ئەو بازنەیە، هەرچەندە ئەو ناوبانگی زۆرتربووە، زۆرتر بەئاشکرا دژایەتیی کراوە، زۆربوون ئەوانە بە ناوداریی‌یەکەی ئەو چاویان هەڵنەدەهات، یان بەئاکارە جوان و شیرینەکەشی ئێرەییان دەهات، هەندێ جاریش وەک بطریرک ناویان بردووە، واتە ئەو شیعری زۆرانی هەڵدەسەنگاندو بڕیاری لەسەر دەدان، ئەگەرچی ئەو خۆشی کەسێکی رووشکێن نەبوو، زۆر مجامەلەی کردوون، بریندار‌ی نەدەکردن، ئەو بە منی دەوت:

من بۆیە دەست لە نووسینی رەخنە نادەم، تا کەس بریندار نەکەم! ئەوەش قسەی نووسەرو پەخشکاری ناسراو (رياض نجيب الريس)ە. بە بۆچوونی آبو فخریش، ئەو وایدەزانی کەس لەسەر ئاستی هەموو فەڵەستینییەکان خۆی لە شانی ئەو نەداوە، ئەگەر سەردەمێک (معين بسيسو) دەنگ و ناو هەبوو، ئەو بە شیعری سیاسی راستەوخۆ خنکا. دەروێش زمانە شیعرییەکەی ئەوەندە بەرزبووە، زمانی بەرەو بێگەردی و خاوێنی بردبوو، بەڵام لەبەربوونی ناحەزە سیاسییەکانی بەشێوای ناوی دەهات، بیانوشیان ئەوەبوو کەوا ئەو لەوڵات دوورکەوتووەتەوە، کەسانی نەژادپەرستی توندڕەویش زۆر باسی ئەوە دەکەن، گوایە ئەو لەکاتی خۆی لەسۆفیا لەبن سایەی ئاڵای ئیسرائیل رۆیشتووە، مەسەلەی رکابەرایەتییەکەشی لەگەڵ معین بسیسو بەدزی نەبووە.

توێژەرو نووسەر (عبدالقادر یاسین) لەگۆڤاری (الهلال)ی مانگی سپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٨ باسی ئەو رکابەرایەتییەی کردووەو نووسیویەتی:

مەحمود دەروێش وای لە یاسر عەرەفات کردبوو کۆمەک و پشتیوانیی (معین بسیسو) نەکات بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی کولتووریی مانگانە بەناوی (دفاتر فلسطينية)، پێی وتبوو گۆڤارەکەی ئێمە بەسەو پێویست بە گۆڤاری تر ناکات. یاسر عەرەفاتیش ئاگرەکەی نێوان هەردوو شاعیرەکەی خۆشدەکرد، عبدالقادر دەگێڕێتەوە کەوا عەرەفات وەفدێک بە سەرۆکایەتیی معین بسیسو لە ساڵی ١٩٧٩دا رەوانەی یوگوسلاڤیا دەکات، ئەوەش دەروێشی زۆر تووڕەکردبوو، کەسە بەرامبەرەکەش کە خۆی باش لە باوەشی عەرەفات دۆزیوەتەوە، زۆر سەرکەوتووانە رفتاری کردووە. پاش رووداوەکەی هێزی ١٧ بۆ سەر آلیاس خوري، عەرەفات دەروێشی بەوە ئاشتکردۆتەوە پاش ئەوەی گۆڤاری (الكرملي) بۆ دەرکردووە، ئەمجارە لەتونسەوە گەڕاوەتەوە بەیروت، لەساڵی ١٩٨٨ دەروێش کراوە بەئەندامی لیژنەی تەنفیزیی رێکخراوی رزگاریی فەڵەستینی، پاشان کراوە بە راوێژکاری عەرەفات، تا ئەودەمەی ئیستقالەیداوە، لەنێوان رام اللەو عمان ژیاوە، وەک خۆی زۆرجار وتوویەتی من شوێنەکانم دەگۆڕم، بەڵام هەڵوێستم ناگۆڕم.

ئەو بابەتە بەشێکە لە دۆسیەیەک کە لە چلەی مردنی مەحمود دەروێش لە رۆژنامەی (القدس العربي) رۆژانی ٢٠و٢١ سپتەمبەری ٢٠٠٨ لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە.